## مەزاری ئەنفالکراوەکان دەبێت لە سنوری کەرکوک گەرمیان بێت ... ماڵی کەرکوک بۆ مافەکان

هەندێ ناۆ ناوەرۆك هەیە لە دونیادا لە توانای هێچ هێزیك و دەسەلآتیك نیە گۆرانی بەسەردا بهێنیت مێژۆی روداوەکانیش بە ئاسانی نا گۆردرێت لە کاتێکدا باس لە ئەنفال دەکرێت ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە زۆرترین خەڵکی ئەنفالکراو لەو سنورەدا کراوە ئەگەر باس لە هەژار ترین خەڵکێش بکرێت ئەوە لە مەدینە شۆرش و سمۆدەوە دەست پێ دەکرێت خۆ ئەگەر باسیش لە ئاوارەو تەرحیل و تەعریب بکرێت ئەمەش لە سنوری کەرکوکەوە باس دەکریت تا ئەم ساتەش لە کەرکوك تەعریب بەردەوامە ئەمانە هەمۆ راستیەکانن ناتوانرێت بشارێتەوە ئەم راستیانە ئەوە ناگەیەنی کە لە کوردستاندا تەنها لەم شوینانە ئەم کارە ساتانە رۆێ داوە بەڵکۆ زۆرترین کارەسات لەو سنورەدا ئەنجام دراوە زۆرترین قوربانیش لەو سنورە بووە هەروەك چۆن باس لە کیمیا باران دەکرێت یەکسەر لە هەڵەبجەوە باس دەکرێت لە هەمان کاتدا زۆر شۆینی تری کوردستان کیمیا باران کراوە بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرترین کەس لەویدا شەهید کراوە مەزارەکەیان لەویدا دروست کردووە هە رچەندە پێش ئەو مەزارە مەزاریك لە گوندی گۆپتەپە درۆست کرا بە دەستی ماموستا عومەری پەیکەرتاش.
لێرەوە ئێمە داواکارین نەك پێشنیار بکەین کە مەزاری گەورە بە ناوی ئەنفالکراوەکانەوە لەو سنورە درۆست بکرێت لە بانی مەقان لە چەمچەماڵ یان لە سنوری کەلار واتە هەمۆ شتێك لە شوینی خویدا بێت بە حەزۆ ئارەزۆی هێچ دەسەلآت و کۆمەڵیك مێژووەکان نەگوردرێت بە تایبەتی مێژوی سەروەری و کارەساتەکانی کوردستان
ئەوەی پێویستە لە پێش هەمۆ کاریکدا بکرێت ئەمانەی خوارەوەیە

1. با شەهیدو ئەنفالکراوەکان جیا نەکرینەوە بە حۆکمی دەسەلآت و ناوچە وەك لە جیاتی ئەوەی دەڵین 182 هەزار ئەنفال و 8 هەزار بەرزانی ئەنفالکراو بڵین 200 هەزار ئەنفالکراوی کوردستان
2. بە بریاریکی رەسمی حکومی و شەرعی دان بەوەدا بنریت کە ئەو ئەنفالکراوانە لە ژیاندا نەماون ئەمەش زۆرترین کێشەی کۆمەلآیەتی کەسو کاری ئەنفالکراوەکان چارەسەر دەکات
3. هەمۆ ئەو موستەشارۆ جاشانەوئەفسەرانە دادگای بکرین سزا بدرێن
4. قەرەبۆی هەمۆ کەس و کاری ئەنفالکراوەکان بکریت وەك چۆن جووەکان تا ئێستا ئەڵمانیا هەر قەرەبو دەداتەوە
5. مەسەلەی ئەنفال بناسریت بە هەمۆ دونیا وەك کارەساتیکی جینوساید
6. ئەو مەزارە گەورەیە دروست بکرێت لەگەڵ ئەمەشدا لە هەمۆ ناوچەیەك مەزاریکی بچوك دروست بکرێت

(ماڵی کەرکوك بۆ مافەکان) 2005-11-2 m_karkuk@hotmail. com/